**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٢

بەرگی بیست و دوو ـ ١٩٩٩

چاپی یەکەم ١٩٩٩

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک چوار شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/٩/١٥ ........ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/٩/١٨ ........ ل١٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/٩/١٩ ........ ل٤٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/٩/٢٢ ........ ل٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١٠/٣٠ ........ ل١٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١٠/٣١ ........ ل١٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) دوو شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١١/١ ........ ل٢١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١١/٢ ........ ل٢٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) چوار شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١١/٣ ........ ل٣٧٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١١/١١ ........ ل٤٦٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١١/١٣ ........ ل٤٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) چوار شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١١/٢٤ ........ ل٥٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١١/٢٧ ........ ل٥٣٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١٢/١٩ ........ ل٥٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) دوو شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١٢/٢٠ ........ ل٦٨٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١٢/٢١ ........ ل٧١٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)

## شەممە ڕێکەوتی ٣٠/١٠/١٩٩٩

کاتژمێر (١١)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠/١٠/١٩٩٩ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٤)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.

سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی سالی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(٤)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١١) سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی٣٠/١٠/١٩٩٩دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکانی ئەم یاسایانەی خوارەوە:

١ـ پرۆژەی یاسای خانەنشین بوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

٢ـ پرۆژەی یاسای پارێزەرانی هەرێمی کوردستان.

٣ـ پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٤ـ پرۆژەی یاسای سەندیکای دەرمانسازی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٥ـ پرۆژەی یاسای کیمیاگەرانی کوردستان.

٦ـ پرۆژەی یاسای گۆرانییەکانی کوردستان.

٧ـ پرۆژەی بڕیاری(ترازاندنی پەیوەندیی ئەزموونگەی ناوەندی دامەزراوەکان لە وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن و بەستنەوەی بەپێکهاتەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە.

دووەم: خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی ئەم یاسا و بڕیارانەی خوارەوە:

١ـ پرۆژەی یاسای بلاو کردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا.

٢ـ پرۆژەی یاسای باجی دەرامەت.

٣ـ پرۆژەی یاسای باجی(عەقار).

٤ـ پرۆژەی بڕیاری تایبەت بەئۆتۆمبیلە بێ ژمارەکان.

**٥- پرۆژەی یاسای خودان پیشە تەندروستییەکان.**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات دانیشتنی ژمارە چوار لە ٣٠/١٠/١٩٩٩.

بەرنامەی کارمان لەم خاڵانەی خوارەوە پێک هاتووە:

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکانی ئەم یاسایانەی خوارەوە:

١- پرۆژەی یاسای خانەنشین بوونی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

٢- پرۆژەی یاسای پارێزەرانی هەرێمی کوردستان.

٣- پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٤- پرۆژەی یاسای سەندیکای دەرمانسازی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٥- پرۆژەی یاسای کیمیاگەرانی کوردستان.

٦- پرۆژەی یاسای گۆرانییەکانی کوردستان.

٧- پرۆژەی بڕیاری(ترازاندنی پەیوەندی ئەزموونگەی ناوەندی دامەزراوەکان لە وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن و بەستنەوەی بەپێکهاتەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە.

دووەم: خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی ئەم یاسا و بڕیارانەی خوارەوە:

١- پرۆژەی یاسای بڵاو کردنەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا.

٢- پرۆژەی یاسای باجی دەرامەت.

٣- پرۆژەی یاسای باجی(عەقار).

٤- پرۆژەی بڕیاری تایبەت بەئۆتۆمبیلە بێ ژمارەکان.

٥- پرۆژەی یاسای خودان پیشە تەندروستییەکان.

ئەمە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانەو بە خاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین ئەویش خوێندنەوی ئەو پرۆژانەی کە هاتوون بۆ ئێرە وەکو خوێندنەوەی یەکەم، پرۆژەیەک هاتووە لەسەر کێشەی (گۆرانی)، مافی گۆرانی واتە (الغناء) پرۆژەیەکەو دەڵێن لە وڵاتی ئێمە کە یەکێک گۆرانی تۆمار دەکا، نە ملحن نە ئاوازدانەرو نە شاعیری گۆرانی و نە هەتا گۆرانی بێژیش ئەوەندە مافی نییە، زیاتر تۆمارگاکان هەڵسوکەوت بەو مافە دەکەن بۆیە لە هەموو وڵاتێک یاسایەک هەیە کە بەرگری، یاخود زامنی مافی گۆرانی بێژو ئاوازدانەر و شاعیری گۆرانی دەکات و ئەو پرۆژەیە لەسەر ئەم بنەمایە پێشکەش کراوە دوای ئەوە ئێمە دەیخوێنینەوە، ئێوە دەتوانن بیگۆڕن و دەست کاری بکەن چۆنتان پێ باشە وای لێ بکەن، با بە بڕگەی یەکەم دەست پێ بکەین، ئەویش ئەو پرۆژانەی کە هاتوون بۆ پەرلەمان و خوێندنەوەی یەکەمیان دەکرێت جەنابی سکرتێر با بفەرمووێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەم پرۆژەیە لە ئەندامانەوە هاتووە دیباجەی لەگەڵ نییە.

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

قانون تقاعد أعضاء المجلس الوطني لإقليم كوردستان العراق

**المادة الأولى:**

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة إزاءها لأغراض هذا القانون:

١ـ الإقليم ـ أقليم كوردستان العراق.

٢ـ المجلس ـ المجلس الوطني للإقليم.

٣ـ العضو ـ عضو المجلس.

٤ـ الراتب ـ الراتب الإسمي الذي يتقاضاه عضو المجلس المستمر في الخدمة.

٥ـ المخصصات ـ المخصصات التي يتقاضاها عضو المجلس المستمر في الخدمة (كالضيافة والسكن).

٦ـ الراتب التقاعدي ـ مجموع ما يتقاضاه العضو بعد إنتهاء عضويته أو فقدانها.

**المادة الثانية:**

أـ يتقاضى رئيس المجلس ونائبه والسكرتير والعضو عند إنتهاء عضويته أو فقدانها راتباً تقاعديا شهريا و مخصصات مقدارها (٧٥٪) مما يتقاضاه أقرانه المستمرون في المجلس شهرياً.

ب ـ يدفع لرئيس المجلس ونائبه والسكرتير والعضو عند إنتهاء عضويته أو فقدانها مكافأة تعادل رواتبه ومخصصاته لستة أشهر ويؤخذ راتبه الأخير ومخصصاته أساساً لأحتساب ذلك ولمرة واحدة مهما تعددت عضويته في الدورات الانتخابية.

ج ـ يعين لكل عضو متقاعد حال حياته حارسان يختارهما بنفسه ويتمتعان بنفس ما يتمتع به افراد قوى الامن الداخلي الموجودون في الخدمة من حيث الرواتب والمخصصات والحقوق التقاعدية.

**المادة الثالثة:**

أـ لايجوز الجمع بين الرواتب والمخصصات التي يتقاضاها المستفيد من هذا القانون وبين الرواتب والمخصصات التي يستحقها في حالة عودته إلى عضوية المجلس.

ب ـ لايجوز الجمع بين الراتب التقاعدي وأي راتب تقاعدي آخر من أية جهة كانت.

ج ـ في حالة تعيين العضو المتقاعد في منصب وزاري أو وظيفة عامة فله الخيار بين ما يتقاضاه بموجب هذا القانون وما يستحقه في الوظيفة الجديدة.

**المادة الرابعة:**

يحرم العضو من جميع الحقوق المنصوص عليها في هذا القانون في حالة الحكم عليه في جناية أو

جنحة مخلة بالشرف أو الحكم عليه بالإعدام أو السجن المؤبد أو المؤقت في إحدى الجرائم الماسة بالأمن الداخلي أو الخارجي لحكومة الاقليم.

**المادة الخامسة:**

أ- يستقطع من راتب عضو المجلس شهرياً الحصة التقاعدية بنسبة (١٠٪) وأما المتراكمة بذمته فيستحصل منه دفعة واحدة أو بأقساط شهرية حسب رغبة العضو.

ب - يعفى ورثة المتوفي من الاقساط المترتبة بذمتهم.

**المادة السادسة:**

في حالة وفاة العضو المتقاعد يستحق الورثة الراتب التقاعدي وفق أحكام قانون التقاعد المدني.

**المادة السابعة:**

تسري على عضو المجلس أحكام قانون التقاعد المدني رقم (٣٣) لسنة ١٩٦٦ المعدل فيما لم يرد نص في هذا القانون.

**المادة الثامنة:**

تسري أحكام هذا القانون على كل عضو يقيم بصورة دائمية في الإقليم.

**المادة التاسعة:**

لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة العاشرة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الحادية عشرة:**

تنفذ أحكام هذا القانون إعتبارا من ١٩٩٢/٦/٤ وينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئەندامەکانیش ئەم بەڕێزانەن:

جەوهەر ئەحمەد شاواز، بورهان جاف، مەلا محەمەد تاهر، تەها محەمەد تەها، عەفان نەقشبەندی، شێخ موحسین مفتی، مەلا تەلحە، جەعفەر شێخ عەلی، یوسف جەمیل میران، مامەند محەمەد ئەمین، ئازاد قەرەداغی، وریا دزەیی، سەلام کەریم خان، سیروان نەورولی«رحمه الله»، حەمید سەلیم میران، یەحیا محەمەد بەرزنجی، شمایل ننو، شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا، ئەحمەد سالار، د.حەسەن، مەلا مەحمود دیرشەوی، ئەکبەر حەیدەر، عوسمان دزەیی، سەعید ئەحمەد یەعقوبی، یارا ئەحمەد، ئیبراهیم دۆغرەمەچی، زاهیر محەمەد کۆیی، شەفیق ئەمین محەمەد، جەعفەر شێخ عەلی، حوسین عەلی کەمال، مەلا هادی خضر، محەمەد حەسەن باڵەتە، شیروان حەیدەری، ئەکرەم عاشوور، ناسح غەفور رەمەزان، رەقیب حوسێن مەلا، سوپاس.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٥
مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٨

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی حوکمەکانی بڕگە (٣)ی مادده دوو لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو، لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٣ یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

«بڕیار»
یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٩٩
یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی
هەرێمی کوردستانی - عێراق

ماددەی یەکەم:
مەبەست لەو گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنشتیانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:
١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
٢- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێم.
٣- ئەندام: ئەندامی ئەنجوومەن.
٤- مووچە: مووچەی ئەسلی (الراتب الأصلي) کە ئەندامی بەردەوامی ئەنجوومەن لە خزمەتدا وەری دەگرێ.
٥- دەرماڵە: ئەو دەرماڵەیەی ئەندامی بەردەوامی ئەنجوومەن لە خزمەتدا هی (زەوجییەو منداڵان و، میوانداری و، سوکنا) وەری دەگرێ.
٦- مووچەی خانەنشینی: تێکڕای ئەو مووچەیەی ئەندام پاش بە کۆتایی هاتنی ئەندامییەتی، یان لە دەستدانی ئەندامیەتییەکەی وەری دەگرێ.

ماددەی دووەم:
أ- سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندام دوای بە کۆتایی هاتنی ئەندامییەتیان، یان لە دەستدانی ئەو ئەندامیەتییە مووچەیەکی خانەنشینی مانگانە و دەرماڵە وەردەگرن کە بڕەکەی (٦٥٪)ی ئەوە دەبێ کە هاوکارە بەردەوامەکانیان لە ئەنجوومەندا مانگانە وەری دەگرن.
ب - سەرۆکی ئەنجوومەن وجێگرەکەی و ئەندام لەکاتی بە کۆتایی هاتنی ئەندامییەتییەکەی، یان لەدەستدانی ئەو ئەندامییەتییە پاداشت(مكافأ)یەکی پێ دەدرێ کە بەرامبەرە بە مووچەو دەرماڵەکانی شەش مانگی و، دوامووچە و دەرماڵەکانیشی بەبنەما وەردەگیرێ بۆ حساب کردنی ئەمە و بۆ تەنها یەک جار، هەرچەندە ئەندامییەتی لە خولەکانی هەڵبژاردندا دووپات ببێتەوە.

ماددەی سێیەم:
أ- ئەوەی لەم یاسایەدا سوودمەند دەبێت ناتوانێ مووچە و دەرماڵەکانی کە وەری دەگرێ لە هەمان کاتدا کۆیان کاتەوە لەگەڵ ئەو مووچەو دەرماڵانەی کە شیاویەتی لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ئەندامییەتی ئەنجوومەن.

ب - ناکرێ مووچەی خانەنشینی لەگەڵ هەر مووچەیەکی خانەنشینی تردا پێکەوە کۆ بکرێنەوە جا لە هەر لایەکەوە بێ.
ج - لەکاتی دامەزراندنی ئەندامی خانەنشین لە پایەی وەزیری، یان لە وەزیفەیەکی گشتیدا دەتوانێ سەرپشک بێ لە هەڵبژاردنی هەر کامێک لەوەی کە بەپێی ئەم یاسایە وەری دەگرێ، یان ئەوەی کە شیاویەتی پێی بدرێ لە وەزیفە تازەکەیدا.

مادەی چوارەم:

ئەندامی خانەنشین لە هەموو مافێکی کە لەو یاسایەدا دەقی گرتووە بێ بەری دەکرێ لەکاتی حوکم بەسەرداداانی لە تاوان، یان کەتنێکی ئابڕووبەردا، یان حوکم بەسەردادانی بە بەند کردنی هەتا هەتایە، یان کاتی، یان ئیعدام لە یەکێک لەو تاوانانەی کە ئاسایشی ناوخۆ، یان ئاسایشی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەئەنگێوون.

مادەی پێنجەم:

أ- هەموو مانگێک بەشی خانەنشینی بەڕێژەی(١٠٪) لەمووچەی ئەسڵی ئەندامی ئەنجوومەن دەبڕدرێ، بەڵام ئەو بڕە پارەیەی کە لەسەری کەڵەکە بووە بە یەک گوژمە، یان بە قیستی مانگانە لێی دەبڕدرێ بە گوێرەی ئارەزووی ئەندامەکە.
ب - میراتگرانی ئەندامی کۆچ کردوو لە پاشماوەی ئەو قیستانە دەبەخشرێن (عفو) دەکرێن کە لەسەری ماوە.

مادەی شەشەم:

لە کاتی کۆچی دوایی ئەندامی خانەنشین، میراتگران مووچەی (خانەنشینی)یان دەکەوێ بە پێی ئەم یاسایەو بە پێی حوکمەکانی یاسای خانەنیشینی مەدەنی بەرقەراریش بەسەریاندا دابەش دەکرێ.

مادەی حەوتەم:

ئەندامی خانەنشینی ئەنجوومەن حوکمەکانی یاسای خانەنشینی شارستانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو دەیگرێتەوە، ئەگەر دەقێک لەم یاسایەدا نەهاتبێ.

مادەی هەشتەم:

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژبێ.

مادەی نۆیەم:

لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

مادەی دەیەم :

حوکمەکانی ئەم یاسایە لە (١٩٩٢/٦/٤)وە وە جێبەجێ دەکرێن و لە رۆژنامەی رەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق